# دیگلۆسیاو هەژموونی وشە لە زمانی کوردییدا

پ.ی.د.سازان ظاهر سعید
sazan.mohammad@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانیی/ کۆلێژی زمان/بەشی کوردی

پ.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف
Abduljabar.maroof@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانیی/ کۆلێژی زمان/بەشی کوردی

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (دیگلۆسیاو هەژموونی وشە لە زمانی کوردییدا)، ئامانجی توێژینەوەکە کارکردنە بۆ پەسنکردنی (دیگلۆسیا) وەک دیاردەیەکی هەمەجۆریی زمانیی لە چوارچێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا، هاوکات تاوتوێکردن و ڕاڤەکردنی ڕوودانی دیاردەکە پەیوەست بە فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردییەوە. بەوپێیەی هەلومەرج و ژینگەیەکی لەبار بۆ بوونی دیاردەکە لەسەر ئاستی تاک و گروپ لەئارادایەو لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا بەرجەستەدەبێت. توێژینەوەکە زیاتر خۆی بە کاریگەریی لایەنە زمانییەکان لەسەر دیگلۆسیا خەریکدەکات و بە دوای ئەو لێکەوتانەدا دەگەڕێت، کە دەشێت دیگلۆسیا لەسەر فەرهەنگ و ڕێزمانی ئاخێوەر هەیبێت، ڕێژەی کاریگەرییەکەشی بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتیی و داڕشتەی دەروونیی و ئاگایی زمانیی و دەسەڵاتشکانەوەی ئاخێوەر بەسەر یەکێک لە کارامەییەکان، یان زیاتری وەک (خوێندنەوە، نووسین، ئاخاوتن، گوێگرتن)دا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. لە توێژینەوەکەدا، ڕێبازی (پەسنیی شیکاریی) پەیڕەوکراوە. بۆ هێنانەوەی بەڵگەکانیش، نموونەکان لە شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون و ئاخێوەرانی ئەو دەڤەرە کراونەتە پێوەر.

**کلیلەوشەکان:** دوودیویی زمانیی، هەژموونی وشە، کۆمەڵە ئاخاوتنییەکان، تاک_زمان، جووت_زمانیی، ئاگایی زمانیی.

## پێشەکیی

ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (دیگلۆسیاو هەژموونی وشە لە زمانی کوردییدا) تەرخانکراوە، وەک بابەتێکی پەیوەست بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە. توێژینەوەکە وێڕای پەسنکردنی چەمک و زاراوەی دیگلۆسیا وەک دیاردەیەکی هەمەجۆریی زمانیی، گەڕانە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا، کە ئایا مەودای ڕوودانی دیگلۆسیا تەنها لەنێوان زارو شێوەزارەکانی هەمان زماندایە؟ یان سنووری زمانێک تێدەپەڕێنێت و بەکارهێنانی دوو زمانیش لە کۆمەڵگەیەکی تاک_زمانییدا دەگرێتەوە؟ پاشان لێکەوتەو کاریگەرییەکانی دوودیویی زمانیی لەسەر ئاخێوەران پەیوەست بە فەرهەنگ و ڕێزمانەوە چییە؟ هەموو ئەمانە لە سنووری دوو بەشدا پێشکەشکراون، بە جۆرێک لە بەشی یەکەمدا، چەمکی زاراوەکە ڕوونکراوەتەوەو دواتر هەمبەر بە جووت_زمانییشەوە لێکدراوەتەوەو ڕاڤەکراوە. لە بەشی دووەم و کۆتایی توێژینەوەکەدا، دیگلۆسیاو هەژموونی وشە لە پاڵنەری دەروونیی_کۆمەڵایەتیی و زەمینەی خوێندەوارییدا چڕو سنووردار کراوە.

sjh@univsul.edu.iq

### ١. بنەمای تیۆریی و پەسنکردن

#### ١/١ زاراوەی دیگلۆسیا Diglossia

زمانی سروشتیی مرۆڤ پێرەوێکی چرو ئاڵۆزە، بۆیە کۆڵینەوەو بەدواداچوونەکانی، فرەرەهەندو هەمەلایەنن، ئەوەش وادەکات کارلێک و پێکداچوونی زمان لەگەڵ چەندین زانستی دیکەدا ڕووبدات، کە هەریەکێکیان بە پێوەرو ڕوانگەی جیاواز لە زمان دەکۆڵێتەوەو چەمک و تێڕوانینە جیاوازەکانی تاوتوێدەکات. بەوپێیە ئەو ڕوانگانەی زمانیان پێشیدەکرێتەوە، فراوان و هەمەجۆرن، وەک ڕوانگەی (ئەرکیی، کۆمەڵایەتیی، دەروونیی، ....هتد)، کە هەریەکێکیان بەپێی تایبەتمەندیی زانستەکەو پەیوەست بە چەمک و زاراوە جیاوازەکانەوە، دیاردە زمانییەکان لێکدەدەنەوەو ڕاڤەیدەکەن. لەوڕووەوە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی، لێکۆڵینەوەیە لە زمان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەهۆی چەندین دیاردەوە، کە هەریەکێکیان ڕەهەندێکی زمان نیشاندەدەن. لەناویاندا دیگلۆسیا Diglossia، کە زاراوەکە لە بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا کارایە (Ferguson, 1996, 18) و بۆ یەکەمجار لە زمانی ئینگلیزییدا لەلایەن (Charles Ferguson) ەوە پێشنیازکراوە، بەوەش ناوبراو بووەتە یەکەم زمانەوان، کە لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی (Diglossia in the journal “Word”)ەوە، ساڵی (١٩٥٩) زاراوەکەی بەکارهێناوە.

لە زمانی کوردییدا (دیگلۆسیا) زاراوەی (دوودیویی زمانیی)، یان (جووتزمانیی)ی بۆ بەکارهێنراوە، چونکە پەیوەستە بە بارودۆخێکی دیاریکراوی کۆمەڵە ئاخاوتنییەکانەوە، بە جۆرێک لە ژینگەیەکی زمانیی_ کۆمەڵایەتییدا، دوو زمان، یان دوو زاری هەمان زمان لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە بەکاردەهێنرێن. بەوەش زاراوەکە ڕەهەندێکی دوودیویی هەیەو هەڵگری چەمکی جۆراوجۆریی بەکاربردنی زمانییە لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا (أ) لەلایەک زاراوەکە بەکارهێنانی دوو پێرەوی زمانیی جیاوازە، کە پەیوەست بە فەرهەنگ و زانیارییە زمانییەکانیشیانەوە لەیەکجیاوازن، (ب) لەلایەکی دیکەشەوە دوو شێوەی جیاوازی هەمان زمان دەگرێتەوە، کە (شێوەی ستاندارد، زارو شێوەزارەکانی زمانەکە) پێکیدەهێنن. بە واتا ململانێی نێوان زمانی ستانداردو زارەکانی هەمان زمان دەگرێتەوە. ئەوەش بە جۆرێکە، کە (زۆرجار هەمەچەشنیی لە کۆمەڵگەیەکی فرە زمانییدا، خزمەت بە ئەرکێکی تایبەتمەند دەکات و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت) (Aronoff & Miller, 2003, 519).

لەلایەکی دیکەوە (Crystal, 2003, 138) لەبارەی پەسنی زاراوەکەوە بۆچوونی وایە، "زاراوەیەکە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا بۆ ئاماژەدان بە بارودۆخێک بەکاردێت، کە تێیدا دوو جۆری زۆر جیاوازی زمانێک لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا پێکەوە ڕوودەدەن، کە هەریەکەیان مەودای جیاوازی ئەرکی کۆمەڵایەتییان هەیە"

پەسنکردن و ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو، کە دوودیویی زمانیی، بووەتە دیاردەیەکی باوی پەیوەست بە زمانە سروشتییەکانەوە، بەڵام مەودای ڕوودانی، وابەستەی سنوورێکی دیاریکراوە لەنێوان دوو زمان، یان دوو زاری هەمان زمان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، هەڵبەت لەنێوان دوو زاریشدا، دوو شێوەزار لەلایەن ئاخێوەرانەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەوەی گرنگە لەوبارەیەوە، هەر دوو شێوە بەکارهێنراوەکە چ زمان بن، یان زار، لەناو ژینگەو کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا تا ئاستێکی باڵا دەبنە ئەڵتەرناتیڤی یەک، بۆیە قسەپێکەرانی زمانی زگماک native speaker توانست و دەسەڵاتشکانەوەیان لە پەیڕەوکردنی

sjh@univsul.edu.iq

یاساو ڕێسا زمانییەکانی هەردوو جۆرەکەدا دەشێت تارادەیەکی زۆر نزیک و باڵادەست بێت، لەبەرئەوەی پێویستیی ژینگە زمانییە کۆمەڵایەتییەکە بووەتە هۆکارێک، تا لەبرییەک بەکارهێنانیان لە پەیوەندیگرتن و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی هەبێت.

**٢/١ دیگلۆسیا لەنێوان زارو شێوەزارەکاندا**

بەوپێیەی هەر زمانێکی سروشتیی پەیوەست بە هۆکاری جۆراوجۆری زمانیی و ناوچەیی/ جوگرافییەوە بۆ چەند زارێک دابەشدەبێت، هەریەک لەو زارانەش چەندین وەچە/ شێوەزاری تر لەخۆدەگرن، لەوڕووەوە هەموو ئەو دیاردە زمانییانەی پەسنی بارودۆخێکی زمانیی دەکەن، لە سنووری زارو شێوەزارەکانیدا ڕوودەدەن. لەوبارەیەوە (عەلی، ٢٠١٥، ٧٣) دیگلۆسیا پەیوەستدەکات بە زار/ شێوەزارەکانەوەو بۆچوونی وایە "دوودیویی زمانیی بریتییە لە: بەکارهێنانی دوو شێوەی یەک زمان لەلایەن ئاخێوەرانەوە لە شوێنکاتی جیاوازدا، ئەمەیش بە دوودیوی زمانیی ناودەبرێت. هەریەک لە ئەو دیوانەی زمان بۆ بارودۆخێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت، یەکیان خاوەن پلەیەکی بەرزە وەک (شێوەی باڵا) ناوبراوە... ئەوی تر زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە". بە دەربڕینێکی دیکە دوودیویی زمانیی، بەکاربردنی زمانە بە هەردوو شێوازی باڵاو نزم لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا. بۆ نموونە لە پاراگوای، زمانی ئیسپانیی شێوەی باڵا H و گوارانیی شێوەیەکی نزم L ی هەیە. (MATTHEWS, 2007, 105). (بڕوانە خشتەی (١))، کە تایبەتە بە بارودۆخە ئەگەرییەکانی بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگە دیگلۆسیەکاندا. (Belkacem, 2021, 19). بەپێی ئەو خستنەڕووە بێت، دوو شێوەی یەک زمان، بە واتا بەکاربردنی زانیارییە زمانییەکانی هەمان زمان بە شێوازی جیاواز، بۆ نموونە دەشێت زانیارییە زمانییە فۆنۆلۆژییەکان بە دوو شێوازی جیاواز لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەکەوە بەرجەستەبکرێن، بەرجەستەکردنەکەش بە ئەو جۆرە ڕوودەدات، کە کاریگەریی لەسەر گۆڕینی واتا نەبێت. لەلایەکی دیکەوە، ((MATTHEWS, 2007, 105)یش جەخت لە ئەوە دەکاتەوە، دیگلۆسیا ئەو بارودۆخەیە، کە کۆمەڵگایەک دوو فۆڕمی جیاوازی هەمان زمان بەکاردەهێنێت، یەکێکیان لە ڕێگەی پەروەردەوە بەدەستیهێنراوەو بۆ هەندێک دەوروبەر گونجاوە، ئەوی دیکەشیان لە قۆناغی پێش پەروەردەی فەرمییدا بەدەستهاتووەو بۆ ژینگەو دەوروبەرێکی تر شیاوەو بەکاردێت. بۆ ئەوەش نموونەی (سویسرای ئەڵمانیی زمان) دەهێنێتەوە، کە وەک کۆمەڵگەیەکی دیگلۆسیک پەسندەکرێت، جۆرە جیاوازەکانیشی، ئەڵمانیی ستانداردو فۆرمە لۆکاڵییەکانی ئەڵمانیی سویسرین. (سەرچاوەی پێشوو)، بەوپێیە لە کانتۆنەکانی سویسرا، کە ئەڵمانیی زمانن، دیگلۆسیا تەواوی کۆمەڵگاکەی تەنیوەو لەلایەن قسەپێکەرانەوە پەیڕەودەکرێت. (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (HUDSON, 2002, 42)).

خشتەی (١)

| بارودۆخ | جۆراوجۆریی باڵا High variety | جۆراوجۆریی ئاسایی/ نزم Low variety |
| --- | --- | --- |
| وانەی خوێندنگا | X | |
| کۆنفرانسی سیاسیی | X | |
| پەخشی هەواڵ | X | |
| مزگەوت | X | |
| نامەی تایبەت | X | |
| ڕادیۆی لۆکاڵیی | | X |
| گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیان | | X |
| هۆنراوە | X | |
| ئەدەبی فۆلکلۆر | | X |
| گفتوگۆی نێو بانک | | X |

پەیوەست بە زمانی کوردییشەوە، لەناو شاری سلێمانییدا، جگەلە قسەپێکەرانی خودی شێوەزارەکە، گروپی دیکەش هەن، کە بەکاربەری شێوەزارەکەن، وەک قسەپێکەرانی هەورامیی، جا چ لە بواری فەرمیی خوێندن و کاروباری دامودەزگاکاندا بێت، یان لەگەڵ ئاخێوەرانی خودی شێوەزارەکەدا بێت، واتە هەم بە شێوەی باڵا High، هەم بە شێوەی ئاسایی باو (کە بە شێوەی نزم/ ئاسایی Low ناوزەددەکرێت)، چونکە شێوەزارەکە تاڕادەیەکی زۆر هەلومەرجی بەستانداردبوونی بۆ ڕەخساوە، بۆیە بووەتە زمانی فەرمیی نووسین لە ناوچەکەدا، هەرئەوەش وایکردووە وەک شێوەزارێکی ناوکۆیی نێوان زارو شێوەزارەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەوەش قسەپێکەرانی زمانی کوردیی سەر بە هەر زارو شێوەزارێک بن، لە ناوەندی شاری سلێمانییدا، خودی شێوەزارەکە دەبێتە زمانی پەیوەندیی و کارلێکی نێوانیان.

لەگەڵئەوەشدا شێوەزاری سلێمانیی، شێوەزارێکی باڵادەستە لەنێوان زار/ دیالێکتە جیاوازەکاندا، بەڵام هەر زارو شێوەزارێک سەربەخۆیی خۆی پاراستووەو لە ژینگەی زمانیی و دەوروبەری خۆیدا بەکاردێت. شێوەزاری هەورامیی، باشترین نموونەی ئەزموونکراوە، کە بەهۆیەوە گروپی ئاخاوتنی هەورامییەکان پۆلکراوە، ئەویش بە جۆرێکە، کە قسەپێکەرانی شێوەزارەکە لەناو گروپ و کۆمەڵە ئاخاوتنییەکانی شێوەزارەکەدا، تەنها وابەستەی بەکاربردنی شێوەزاری هەوراميین، ئەوەش وایکردووە قسەپێکەرانی ئەو شێوەزارە، خاوەنی دوو شێواز/ ستایلی زمانیی بن، کە وەک گوترا ژینگەو کۆمەڵە ئاخاوتنییەکان شێوازەکە یەکلادەکەنەوەو دیاریدەکەن، لە کاتێکدا هەردوو شێوازە جیاوازەکە، دوو مۆدێلی جیاوازی هەمان زمانن لە کات و شوێنی جیاوازدا.

ئەگەرچیی هەردوو شێوەزارەکە سەربە هەمان زمانن، بەڵام جیاوازیی زمانیی نێوانیان لەیەکیانجیادەکاتەوە، وەک جیاوازییان لە پێکهاتەی فەرهەنگیی و ڕێزمانییدا (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)، کە جیاوازیی هێما زمانییەکان لە ڕووی فۆرم و دروستەوە، جیاوازییە فەرهەنگییەکەی نێوان هەردوو شێوەزارەکە نیشاندەدات، جیاوازییە فۆنۆلۆژییەکانیش لەسەر ئاستی (فۆنیم و ئەکسێنت/ شێوەی دەربڕین، پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە (سعید، ٢٠٢٥)، هاوکات نواندن و بەرجەستەکردنی فۆنەتیکییانە) ڕوودەدات. پەیوەست بە جیاوازیی مۆرفۆلۆژییشەوە، بڕوانە (گەردانکردنی ناوی کرداریی

/هەبوون/ لەنێوان شێوەزاری (سلێمانیی، هەولێر، وارماوە، زارەکانی سەروو))دا. (فتاح، ٢٠١١، ١١٢)، وێڕای جیاوازیی سینتاکسییان لە ڕووی دۆخ و توخم (جێندەر)و بەرهەمهێنانی ڕێژەی کردارەکانەوە.

## ٣/١ فەرهەنگی زمان و هەمەجۆریی زمانیی

چەمکی هەمەجۆریی زمانیی، هەندێکجار لەو کۆمەڵگایانەدا باوەو ڕوودەدات، کە فرەنەتەوەو فرەکەلتوورن، بەوەش بەکارهێنانی زیاتر لە زمانێک لەلایەن ئاخێوەرانەوە مسۆگەرو چاوەڕوانکراو دەبێت، هەندێکجاریش پێچەوانەکەی دروستە، بەوەی هەمەجۆریی زمانیی لە کۆمەڵگەیەکی تاک_زماندا بەرجەستەدەبێت. لە هەردوو بارەکەدا بوونی گروپ و دەستەی کۆمەڵایەتیی جیاواز، ژینگەیەکی لەبار بۆ دروستبوونی هەمەجۆریی زمانیی فەراهەمدەکەن، چونکە کەتواری کۆمەڵگاکە لە بنەڕەتەوە بەوجۆرەیە، کە ڕەنگرێژی سەرهەڵدانی دیاردە جیاوازەکانی هەمەجۆریی زمانیی دەکات و بنەمای بۆ دادەنێت، لەبەرئەوە قسەپێکەرانی زمان لەو کۆمەڵە ئاخاوتنییانەدا، بە ئەو دیاردانە کاریگەر دەبن و سەرباری زمانەکەی خۆیان، بێئاگاییانە بەرکەوتنیان لەگەڵ زمانێکی دیکەشدا دەبێت، بەڵام ڕێژەی کاریگەرییەکە لە گروپێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ گروپێکی تر دەگۆڕێت، ئەوەش وابەستەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیی و پەروەردەییەیە، کە توانستە زمانییەکەی ئاخێوەر تێیدا گەشەدەکات، وەک (خێزان، خوێندنگا، کۆمەڵ،...هتد)، وێڕای دەسەڵاتشکانەوەی تاک و زاڵبوونی هەژموونی تاکگەرایی خودیی بەسەر یەکێک لە جۆرەکانی هەمەجۆریی زمانییدا، بەوەش "دیالێکتی تاکەکەس، کە تایبەتە بەزمانی قسەکردنی کەسێکەوە، واتە شێوەی زمانی یان ئاخاوتنی ئەو کەسە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا جیاوازی دەبێت. ئەگەرچی پێکەوە لەکۆمەڵگەیەکی زمانیشدا بژین." (عەلی، ٢٠١٤، ٢٠٦). هەموو ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر خودی فەرهەنگ و فەرهەنگی ئاوەزیی قسەکەر دەبێت.


لەوڕووەوە زمانەوانان لەبارەی هەمەجۆریی زمانییەوە ئاماژە بە دوو چەمک دەکەن، (١) جووت_زمانیی/ دوو_زمانیی Bilingual، (٢) دوودیویی زمانیی Diglossia. ئەم دوو چەمک و دیاردەیە لە زانستی زمانی کوردییدا "هاوکاتە لەگەڵ کرانەوە و پێشکەوتنە کەلتووریی و ڕۆشنبیریی و تەکنەلۆژیی و پیشەسازییەکان و پێویستیی تاکی کورد بە فێربوونی زمانێکی بێگانە و پرسی زمانی ستاندارد و گیروگرفت و ئاڵۆزییەکانی ئەو پرسە" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٤٢).

زاراوەی جووت_زمانیی، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵگری دوو پێڕەوی زمانیی سەربەخۆو جیاوازە لەسەر ئاستی تاک/ کۆمەڵ، کە زۆرکات لە ژینگەو هەرێمێکی جووت_زماندا ڕوودەدات. بە واتا کارامەیی و دەسەڵاتشکانەوەی زمانیی ئاخێوەر بەسەر زانین و بەکاربردنی دوو زمان لە فەرهەنگ و ڕێزمانەکەیدا، گەشەکردنی هەردوو زمانەکەش، هاوکاتەو بۆ بەرکەوتن و پەروەردەی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی تاک دەگەڕێتەوە لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا، بۆ نموونە لەسەر ئاستی خێزان، دەشێت دایک و باوک خاوەنی دوو زمانی جیا بن، یاخود ئەو منداڵانەی لەو خوێندنگایانەدا دەخوێنن، کە زمانی خوێندنی جیاواز لە زمانی زگماکی منداڵەکە پەیڕەودەکەن، ئەو هۆکارانەو چەندینی دیکەش، دەرفەتی جووت_زمانیی دەڕەخسێنن، بە جۆرێک کە تاک بێ ویستی خۆی، فەرهەنگە ئاوەزییەکەی دوو فەرهەنگ و دوو ڕێزمانی جیاواز لەخۆدەگرێت، کەواتە هۆکاری ئەم جیاوازییە "زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەمەجۆر، هەروەها هۆکاری بایلۆژیش کاریگەری بەسەر ئەو جیاوازییەوە هەیە" (عەلی، ٢٠١٤، ٢٠٦)، بۆیە پێدەچێت زۆرکات زمانی دووەم بەسەر زمانی زگماکیی تاکدا زاڵبێت و دەسەڵاتی بەکارهێنان و دەربڕینەکانی بەو زمانە گونجاوتر بێت، بۆیە لەوبارەدا تاک فەرجاریی بیرکردنەوەو دەربڕینەکانی بۆ

زمانی دووەم زۆرتر دەبێت، ئەوەش وادەکات خیاندنی دەستپێداگەیشتنی کۆدەکان و هێنانەوەیان لە گەیاندنی سیمانتیکیی و پراگماتیکییدا، بە زمانی دووەم کورتترو خێراتر بێت بەراورد بە زمانە زگماکییەکەی خۆی، بۆیە هەر بەو دنیابینییەوە گفتوگۆو پەیوەندییە زمانییە_کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ دەوروبەردا ڕێکدەخات.

بەپێی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە بێت، هەرچەندە (دووڵیویی زمانیی، جووت_زمانیی) وەک دوو زاراوەی جیاواز دارێژراون و هەریەکەیان ئاماژە بە دیاردەیەکی هەمەجۆریی زمانیی دەکەن (بڕوانە (هێڵکاریی (١))، بە جۆرێک وەک پێشتر گوترا، (١) (دووڵیویی زمانیی)، مەودایەکی تەسکتری هەیەو بەکاربردنی دوو زاری هەمان زمانە، بۆیە سنووری زمانەکە تێناپەڕێنێت، بەوەش قسەپێکەری زمان بە تاک_زمان هەژماردەکرێت، (٢) کەچیی جووت_زمانیی مەوداکەی فراوانترە، ئەوەش بە جۆرێکە، کە مەرج نییە ئەو زمانانەی تاک ئاگایی لەبارەیانەوە هەیەو بەکاریاندەهێنێت، لە بنەڕەتدا هاوخێزان بن، بەڵکو دەشێت سەربە دوو خێزانی زمانیی جیا بن، ئەوەش وادەکات بە تەواویی لە ئەدگارو تایبەتمەندییە زمانییەکانیاندا جیاواز بن، بڕوانە دیاردەی جووت_زمانیی لەنێوان زمانی کوردیی و عەرەبییدا، کە یەکەمیان سەربە خێزانی زمانە هیندۆ_ئەوروپییەکان و دووەمیشیان سەربە (زمانە ناهیندۆ_ئەوروپییەکانە لە بنەماڵەی سامیی خواروو). (فتاح، ٢٠١١، ١٥٥). بەپێی ئەم ڕوانگەیە بێت، زانین و بەکاربردنی دوو زمانی جیاوازو ئاڵوگۆڕپێکردنیان بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان، قسەکەر دەکاتە جووت_زمان.

هێڵکاریی (١)





وێڕای خستنەڕووی جیاوازیی نێوان ئەو دوو زاراوەیە، هەندێک لە زمانەوانان چەمکی زاراوەی (دیگلۆسیا)یان فراوانکردووە، بە جۆرێک کە زاراوەکە، جگەلە دووڵیویی زمانیی، جووت_زمانییش بگرێتەوە. لەوڕووەوە (MATTHEWS, 2007, 105) لەگەڵ ئەو بۆچوونەدایەو پێیوایە چەمکی دیگلۆسیا فراواندەبێت بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی، دوو زمانی جیاوازیان لە پەیوەندییەکی هاوشێوەدا هەیە، بۆ نموونە لە (پاراگوای)، دیگلۆسیا لەنێوان زمانی ئیسپانیی و گوارانیدا بەرجەستەدەبێت. بەوپێیە (دیگلۆسیا) کراوەتە شازاراوەو ئەوکات (جووت_زمانیی)ی وەک جۆری دووەمی هەمەجۆریی زمانیی گرتووەتەوە، کە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەکە پەیڕەوی ئەم بۆچوونە دەکات و چەمکی زاراوەکە بەو واتا فراوانەیەوە پەسندەکات (بڕوانە هێڵکاریی (٢))، چونکە توێژینەوەکە کار لەسەر دوو پێڕەوی جیاواز دەکات، جا جیاوازییەکە لەسەر ئاستی

sjh@univsul.edu.iq

زمان بێت، یان زارو شێوەزار، چونکە زارو شێوەزارەکانیش خاوەنی دوو پێرەو/ سیستمی زمانیی جیان پەیوەست بە فەرهەنگ و ڕێزمان (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)ەوە، بڕوانە (زاری کرمانجیی ناوەڕاست و زاری کرمانجیی سەروو، یان زاری گۆران و لەوڕووانەوە بە یەک بەراوردیانبکە)، کە هەریەکەیان ئەدگاری ڕێزمانیی سەربەخۆیان لەناو پێرەوە چڕو ئاڵۆزەکەی زمانی کوردییدا هەیە، هەرئەوەش هۆی پۆلکردن و جیاکردنەوەیانە. گرنگە ئەوەش بگوترێت، بەکارهێنانی هەمەجۆریی باڵاو نزم، تەنها لە چوارچێوەی یەک زماندا ڕوونادات، بەڵکو لە کۆمەڵگا فرەزمانەکانیشدا بوونی هەیە، لەوبارەشدا بە دیگلۆسیای دووانەیی Double diglossia ناودەبرێت. ( Simanjuntak, & Haidir, 2019, 58). بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەبارەی جووت_زمانیی و جۆرەکانییەوە، بڕوانە (حەسەن، ٢٠٢٢، ٧٤_٨٠).

هێڵکاریی (٢)





جێی سەرنجە لەوڕووەوە، کە دەشێت دیگلۆسیا لەنێوان دوو زماندا بەرجەستەببێت، پێشبینییدەکرێت ئەو تابلۆیانەش، کە لە کۆمەڵگەیەکی تاک_زماندا ئاماژەن بۆ دیمەنی زمانیی بە دوو زمانی جیاواز، بە هەمەجۆریی زمانیی لە جۆری دیگلۆسیا هەژماربکرێن، چونکە دیگلۆسیا تەنها وابەستەی شێوەی ئاخاوتن/ قسەکردن نییە، بەڵکو شێوەی نووسینیش لەتەک (خوێندنەوە، قسەکردن، گوێگرتن)دا، یەکێکی تر لە کارامەیی (Skill) یەکانی زمان پێکدەهێنێت، بۆیە ئەو تابلۆ زمانییانە لەڕێی نووسینەوە نەخشەی دوودیویی زمانیی دەکێشن، بەوپێیەی نواندنی هەمان یاساو ڕێساکانی دوو زمانی جیاوازە لە تابلۆیەکی نووسراودا. "چەمکی دیمەنی زمانی، هەمو ئەو تابلۆ نوسراوانە دەگرێتەوە کە بۆ ناساندنی شوێنەکان بەکاردێن، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی بە زمان دەدات لە دۆخی دەرکەوتنی وەک تابلۆیەکی ئاماژەدەری بەرجەستە لە ژینگە و دەوروبەردا، بۆیە لێکۆڵینەوە لە دیمەنی زمانی، جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی." (احمد، ٢٠٢٢، ١٦). بۆ نموونە وەک ئەو تابلۆیانەی بە هەردوو زمانی (کوردیی، عەرەبیی)، یان (کوردیی و ئینگلیزیی) نووسراون و تایبەتن بە ناونان، یان ڕیکلامی بازرگانیی شوێن و مۆڵ و کارگەو چێشتخانەکان،......هتد. بڕوانە (کۆمپانیای سوپەرسەرار- SUPAR SARAR Co.)، نموونەکە لە وێنەی ژمارە 15-3 لە (سەرچاوەی پێشوو، A140) وەرگیراوە، کە دوودیویی زمانیی بە هەردوو زمانی کوردیی و ئینگلیزیی نیشاندەدات، ئەوەش دەکرێت بە دیگلۆسیای وێنەیی دابنرێت.

لێکەوتەی شیکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو، کە (ا) لەو کۆمەڵانەی هەمەجۆریی زمانیی بوونی هەیە، پێشبینیناکرێت زمانی زگماک ببێتە پێوەری ناسینەوەو بڕیاردان لەسەر فەرهەنگی ئاوەزیی تاک/ ئاخێوەر، بەڵکو ململانێی

نێوان دوو زمان، یان دوو زارو شێوەزار حوکمدەکات و جۆرو کەسێتیی زمانی تاک پەیوەست بە فەرهەنگ و ڕێزمانییشەوە یەکلادەکاتەوە، (ب) خاڵی (ا) ئەو بۆچوونە پەسەنددەکات، کە پێناچێت فەرهەنگی ئاوەزیی، چەمکێکی جێگیر/ چەسپاوی هەبێت، بەڵکو لە ئەگەری کێبڕکێی بەکارهێنانی نێوان دوو زمان/ زار لەلایەن ئاخێوەرانەوە، سەرلەنوێ پێویستی بە دارشتنەوە هەیەو وا وێنادەکرێت پەسنێکی وردترو زانستییانەتر هەڵبگرێت. (بڕوانە هێڵکاریی (٣)).

هێڵکاریی (٣)




**٢. دیگلۆسیا لە فەرهەنگ و ڕێزماندا**

**١/٢ دیگلۆسیا لە فەرهەنگدا**

وەک پێشتر ئاماژەپێکرا، فەرهەنگی ئاوەزیی (mental lexicon)، دارشتەی سایکۆلۆژیی تاک و کۆمەڵیشی تێدایە. کۆمەڵ تێڕوانین و باری دەروونیی خۆی بۆ ڕیزبەندیی وشەنامەکەی ناو مێشکیان دەکات، ئەو بارانە بۆ پێگەی وشەکان و سستیی و چالاکییانە. پێواژۆکە کۆی وشەکانی ئاوەز دەگرێتەوە، کە دەشێت وشەی ڕەسەنی ناو زمانەکە، یان خوازراوو بێگانەکانیش بگرێتەوە. دەربڕینەکە جگەلە ڕیزبەندیی زانیارییەکان پەیوەست بە وشەوە، ململانێی وەرگرتن و ڕیزبەندیی وشەکانیش لەخۆدەگرێت. دارشتەی فەرهەنگیی زمانێک لە وشە بنەڕەتییەکانییەوە دەستپێدەکات، نەبوونی چالاکیی و دانەڕشتنی فۆرم بۆ چەمکەکان، دەروازەی هاتنەناوەوەو چالاکبوونەکان زیادو بەرفراواندەکات. ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە ئەگەرچیی پێکهاتەی فەرهەنگی ئاوەزیی لەسەر بنەماو ئارگومێنتە کوردییەکان گەنج و زەنگییندەکرێت، بەڵام وەک ئاماژەپێکرا، نەبوونی ئارگومێنتی کوردیی، فەرهەنگەکە دەخاتەبەردەم دوو فەرهەنگیی و ئاوێتەیەک لە وشەی بنەڕەتیی زمانەکەو زمانانی دیکە (بۆ هەژموون و هێزی زمانی دیکە، بڕوانە شیکردنەوەو بەڵگەکانی خوارەوە).

وەک لە گریمانەو بانگەشەکانی وەرگرتنی زمان لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا ئاماژەپێکراوە، لە زمانوەرگرتندا (Language Acquisition) فەرهەنگ بەپێی داتاو توخمە بنەڕەتییەکان (primary data) دادەڕێژرێت. واتا گریمانەکە دەستەبەری ڕەسەنێتیی، یان نارەسەنێتیی داتاکە ناکات، بەڵکو تەرزەکە لەسەر وەرگرتنی بنەماو پارامێتەرەکانە لە توخم و داتاکەدا، نەک چەشنی وشەکە. دەکرێت بنەماکە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەکان لەنێوان وشەیەکی ڕەسەن و نارەسەندا بەو مەودایە جیاواز نەبن، بەڵام دەشێت جیاوازییەکان دەربارەی سایکۆلۆژیی و واتا بن، چونکە توخمەکان جگەلە زانیارییە فۆنۆلۆژیی و

سینتاکسییەکان (کە بۆ دروستەو ئەرکن)، زانیاریی واتاییشیان تێدا هەڵگیراوە. توێژینەوەکە خۆی بە زانیارییە فۆنۆلۆژیی و سینتاکسییاکانەوە خەریکناکات، بەڵکو پەیوەست بە زانیاریی واتایی و سایکۆلۆژیی و پڕکردنەوەی داتای فەرهەنگییەوە هەنگاودەنێت. ئەوەش سەرەڕای ئەوەی فۆنۆلۆژیی، خۆی فلتەرێکی نێوزمانیی/ زمانی دایکەو بۆ جیاکردنەوەی پێواژۆی بەلێکسیمبوونە، چونکە بەلێکسیمبوون جگەلە مەرجی واتایی، مەرجی فۆنۆلۆژییانەش جێبەجێدەکات (دواتر کەمەکیی بەپێی سنووری توێژینەوەکە مەرجی فۆنۆلۆژیی بۆ تێکردەی داتای دەرەکیی ڕووندەکرێتەوە). بە گشتیی پێشبینییەکە بەوجۆرە دەکەوێتەوە، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیی کورددا، گوژمەی وشەی بێگانە (Loan Word)و خوازراو (Borrowing) لەناو ڕیزبەندیی وشەکانی زمانی کوردییدا هەن، بە جۆرێک وشەکان بەشێکن لە پێواژۆی دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیی تاکی کورد. خۆی لە خۆیدا دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیی (Lexical access)، پێواژۆیەکی ئاوەزییەو تێیدا بەکاربەرانی زمانێک، بە بینین، یان بیستنی وشەیەک بە خێرایی و بە شێوەیەکی کارا زانیارییەکانی پەیوەست بە ئەو وشانە چالاکدەکەنەوە، کە پێشتر لە فەرهەنگی ئاوەزییدا هەڵگیراون (عبدالرحمن، ٢٠٢٤، ١١٨). لە ڕاستییدا دەستپێداگەیشتن پەیوەستە بە جیاوازیی دەروازەی زانیارییەکان و ڕیزبەندیی زانیارییەکان لەنێو وشەو زانیارییە نێوخۆییەکانیدا.


هەنگاوی توێژینەوەکە بەرەو ئەوە دەچێت، کە تەرزو گریمانەی جیاواز بۆ پەسن و شیکردنەوەی داتاکان، کە دەرئەنجامی دیگلۆسیان، بهێنێتەئاراوە، بۆیە توێژینەوەکە فرەمۆدێلەو لە سۆراغی دەستنیشانکردنی فاکتەرەکاندایە. بۆ نموونە لەبەرئەوەی لە وەرگرتنی وشەو تێکردەی وشەی بێگانەدا، کردنەوەی دەروازەی نوێ بۆ وشە ڕەسەن و ناڕەسەکە دەکاتەوە، بەوەش دەروازەی نوێ بۆ فەرهەنگە ئاوەزییەکە دەکاتەوە. بەڵگەو نموونەکانی ئەو کەیسە دەبێتە بەهێزیی وشە هاتووەکە، یان بە لایەنیکەمەوە لەگەڵ وشە ڕەسەنەکەدا سێتی سیمانتیکیی بۆ ئاخێوەری زمانەکە، بە دەروازەی جیاوە بەرهەمدەهێنێت. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر هەمبەربە <ئێسکوپروسک> بروانرێتە <ڕوفات>، ئەوا گۆڕانی دەروازەی فەرهەنگیی، بەهای وشە عەرەبییەکەی لە زمانەکەدا سەرخستووە، بۆیە لە فەرهەنگی ئاوەزیی کوردییدا بە سینکرۆنیی بووەتە وشەی زمانەکە، ئەویش بەوپێیەی <ئێسکوپروسک>، نیشانەی [-/+مرۆڤ]ی هەیە، بەڵام <ڕوفات> بۆ نیشانەی [+مرۆڤ] خواستراوە، بەوەش لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و بەهادارییەوە بۆ ئاخێوەر، دوو دەستپێداگەیشتنی جیایان دەبێت. ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ وشە ڕەسەنەکەدا سێتێکن و لە دەوری پاشماوەی ئێسکەپەیکەری (مردوو/ مرداربووەوە/ تۆپیو) دەسوڕێنەوە. گریمانەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە پێواژۆکە لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، بە جۆرێک لە فەرهەنگی ئاوەزییدا وشە وەرگیراوەکە بە واتاو سایکۆلۆژیی جیاوازەوە دەچێتە ڕیزبەندیی (sort)ی سێتی فەرهەنگیی وشە ڕەسەنەکانەوە. بەوەش پاش بەفەرهەنگیی_بوونی ئارگومێنتە دەرەکییەکە، لە ڕێزماندا هەڵاوێرکردنەکەی پێشبینیلێکراو دەبێت.

**٢/٢ هەڵاوێرکردنی فەرهەنگیی_مۆرفۆلۆژییانە**


فەرهەنگ بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ، باربۆی دروستەو فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان دەکات. پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان بەهۆی توخمە فەرهەنگییە دەسەڵاتدارەکانەوە پرۆژەکانیان سازدەدەن. بەوەش دەبێت هەڵاوێرکردنەکان لەو توخمانەوە بن، کە فلتەری بەفەرهەنگبوونیان بڕیوە. وەک پێشتر ئاماژەپێکرا، وشەی خواستراوو بێگانە/ بیانییش، بە مەرجی فۆنۆلۆژیی و واتایی و دەروونیی دەبنە توخمی فەرهەنگیی، بۆیە دەبێت بەشێک لە هەڵاوێرکردنەکان ئەوانەش بگرێتەوە. پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان

نواندنێکی جووتیان هەیەو هەمیشە بە توخمەکانی (X, Y)ەوە بەرهەمدێن. (X)ەکان توخمی داواکەرن و (Y)ەکان هەڵاوێردەکەن (عەبدولڕەحمان، ٢٠٢٢، ٣٢). بەوەش پێشبینیی ئەوە دەکرێت، پێواژۆکانی مۆرفۆلۆژیی لە زمانی کوردییدا پەیوەست بە هەڵاوێرکردنەوە، بەرجەستەکردنێکی دیگلۆسیاییان هەبێت. پێواژۆکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە خۆی بە زاڵێتیی و ڕکێفی هەڵاوێرکردنەکەوە خەریکدەکات. ڕێزمانی پێواژۆکە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە زانیاریی (X)ەکان بۆ بەرهەمهێنانەکە سەردەکەون، بۆ پێواژۆی هەڵگواستن، بڕوانە هێڵکاریی (٤)و (٥)، بۆ لێکدانیش بڕوانە هێڵکاریی (٦).


هێڵکاریی (٤)




هێڵکاریی (٥)




هێڵکاریی (٦)





هێڵکاریی (٤)و (٥) بۆ جێبەجێکردنی پێواژۆی هەڵگواستنن، کە دەربڕی ئەوەن، مۆرفیمەکانی هەڵگواستن/ پاشگرو پێشگرەکان حوکمی کۆی دروستەکە دەکەن و نیشانەکانیان سەردەکەوێت، واتا ئەو مۆرفیمانە دروستەکە لە فەرهەنگەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژیی بەرزدەکەنەوە، واتاکەش دەکەنە واتایەکی مۆرفۆلۆژییانە. بەوەش تەواوکەرەکە/ لێکسیمەکەی ناو دروستەکە دەبێتە فۆرمێکی حوکمکراو..(https://www.scribd.com/document/376441754/Sergio-Scalise-Generative-Morph)، بشڕوانە (سەعید، ٢٠١٥، ٣٤)و (عزیز، ٢٠٢٢). نموونەکانی (١) بۆ تاقیکردنەوەی داتا کوردییەکە دەبێت، تا زاڵێتیی دروستەیی و واتایی ($X^{-1}$)ەکان نیشانبدرێت.

١)

$Y + X^{-1}$ ―――――― $X^{0}$ وەک (هەڵهاتن، هەڵچوون، ڕاگرتن، داهێنان، لێبڕین،....).

$X^{-1} + Y$ ―――――― $X^{0}$ وەک (بەفرین، ڕەشیی، پرتەقاڵیی، کوردستان، سەوزایی،....).

هێلکاریی (٧)




بەپێی هێلکاریی (٧)، سەرکەوتنی واتای لاگرەکان/ پاشگرو پێشگرەکان لە وشە هەڵگوێزراوەکاندا، زانیاریی ئەوە بەدەستەوەدەدەن، کە ئەو مۆرفیمانە توخمی هەژموونداری بەدەسەڵاتن، بە جۆرێک ئەوانە سازدەری پرۆژەی وشەکەن، بۆیە پێشبینییەکان بەوجۆرە دەبن، کە لاگرەکان ڕەسەنایەتیی خۆیان دەپارێزن و ڕێگا بە هاتنەناوەوەی وشە/ مۆرفیمی هەژموونداری نادەن. بەوەش پێشبینییەکان بەوجۆرە دەبن، کە توخمە ڕەسەنە هەژمووندارەکان حوکمی وشە وەرگیراوەکان دەکەن، بۆیە لاگرەکە لەو پێواژۆیەدا: (ا) وشە وەرگیراوەکە بە هەڵگواستن دەکاتە لێکسیمێکی زمانەکە، (ب) واتای لاگرەکە بەسەر پێواژۆکەدا زاڵدەبێت. لەو ڕوانگەیەوە گەر بڕوانرێتە وشە هەڵگوێزراوەکانی <بێحەیا، بێعەقڵ، بێشەرەف، ....>، ئەوە دەردەکەوێت، کە ($X^{-1}$)ێکی کوردیی، حوکمی (Y)یەکی بێگانەی کردووەو تێیدا واتای نەرێ سەرکەوتووەتە سەرەوەی پرۆژەکەو جڵەوی واتایی کۆی دروستەکەی گرتووە. ئەوەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری کورددا، سەرەڕای ئەوەی، کە لێکسیمی خواستراوو بێگانە هەن، بەڵام هەڵاوێرکردنەکان هی توخمە ڕەسەنەکانی زمانی کوردیین و وشە بێگانەکان لە سیستەمی فەرهەنگی کوردییدا نرخ و ئاستی نواندنی (Y)یان هەن. داتاکانی فەرهەنگی زمانێک لە ڕووی هەژموون و فۆرم و واتاشەوە سینکرۆنییانە تێیاندەڕوانرێت. نموونەکانی هێنرانەوە ئەوانە بوون، کە تێڕوانینی سینکرۆنیی/ هەنووکەیی کورد لە پێرەو/ سیستەمی فەرهەنگی ئاوەزییدا داڕێژراون. لە ڕاستییدا فاکتەرو پاڵنەری دەرەکیی، ڕۆڵیان لە دیاریکردنی هەژموون و دەسەڵاتی وشە/ مۆرفیمدا هەیە. هەروەک خوێندن و خوێندەواریی، داگیرکاریی، ڕاگەیاندن،... لەو پاڵنەرانەن، کە کار لە هەژموونی توخمی فەرهەنگیی و هەڵاوێرکردنەکانی دەکەن.

### ٣/٢ پاڵنەرە دەرەکییەکان

فەرهەنگی زمان خاوەنی پێرەوێکی ناوەکییە. پێرەوەکە بەپێی توخمە فەرهەنگییەکان دادەڕێژرێت. بەوەش ڕێزمان ناواخنی ئەو توخمانە دەنوێنێت و بەرجەستەیاندەکات. وەک لە پاری پێشوودا ئاماژەیبۆکرا، وشە بێگانەکانیش پاش بڕینی فلتەری بەلێکسێمبوون، دەبنە کاراکتەرێکی فەرهەنگیی. باڵادەستیی و پەیداکردنی هەژموون، تەنانەت بەلێکسێمبوونی وشە بێگانەکان، جگەلە پاڵنەری زمانیی، پاڵنەری دەرەکییشیان هەیە. پاڵنەرەکان جگەلە ڕوانگەی واتایی، کە پێشتر ئاماژەیبۆکرا، لە ژێر کاریگەریی پاڵنەری کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و ڕۆشنبیرییشدان.

توخمە فەرهەنگییەکان جگەلە زانیاریی زمانیی پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و سیمانتیکەوە، زانیارییە نازمانییەکانی وەک زانیاریی کۆمەڵایەتییشیان تێداهەڵگیراوە. زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان، نیشانەیەکی ئەزموونبەندی ئاخێوەری زمانن، کە بە توخمە فەرهەنگییەکانی دەبەخشن، یان توخمە فەرهەنگییەکانی پێدابەش و جیادەکەنەوە. ئەو پێواژۆیە لە توخمە ڕەسەنەکانی زمانەوە دەستپێدەکات. <پیاو>، کە نیشانەو زانیارییە زمانییەکانی پێشبینییکراون، بەپێی تەرزی کۆمەڵایەتیی کوردیی، نوێنەری زانیاریی و نیشانەکانی ناوی بۆ دەربڕینی پلەی کۆمەڵایەتییشن، ئەویش بەوپێیەی: (ا) هەمبەر بە <کوڕ> پلە کۆمەڵایەتییەکەی گۆڕاوەو نیشانەی [+ ژنهێنان]یشی هەیە. (ب) بیچمی <پیاو> ئاستی کۆمەڵایەتیی بەرزی هەیەو دەبێتە پێوەری ئاستی باڵای کۆمەڵایەتیی. نیشانەکانی [+ مەردایەتیی، + چاکێتیی، + ئازایەتیی، .....هتد] بە <پیاو> دراون، بۆیە نیشاندەری ئاستی کۆمەڵایەتیی <کوڕو ئافرەت>یشن. نموونە ڕەسەنەکە بۆ سەرباركردنی زانیاریی کۆمەڵایەتیی هێنرایەوە، کە دەشێت هەمان تایبەتمەندیی بۆ وشەیەکی بێگانە لە پێرەوی فەرهەنگییدا بخرێتەگەڕ.

ڕەنگە بۆ جیاکاریی و دیاریکردنی بەهای کۆمەڵایەتیی، وەرگرتنی <ڕووفات> هەمبەر بە <ئێسکوپروسک> نموونەیەکی شیاو بێت. نموونەکە بۆ ئاخێوەر هەڵبژاردن و هەڵاوێرکردنێکە، کە بەهۆیەوە گوتاری کۆمەڵایەتیی خۆی پێدەگەیەنێت. سەرباری ئەوانە، سێتە سیمانتیکییەکانیش (synset) بۆ خۆلادان لە شکاندنی کۆدە کۆمەڵایەتییەکان (taboo)، دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ بۆ جێگرەوەی ئەو دروستانە دەدۆزنەوە، کە بۆ جوانبەخشین (euphemism)ن، بە جۆرێک ئاخێوەر لە فەرهەنگی ئاوەزییەوە بەپێی گەنجی وشەکانی، یان بەپێی شیاوترین داپۆشیین، جێگرەوەکان/ ئەڵتارناتیڤەکان هەڵاوێردەکەن (پێواژۆکە لینکێکی لەگەڵ جۆری ڕۆشنبیرییشدا هەیە).

٢) ئاودەست ← تەوالێت ← WC

نموونەکان شڵێوەیەکن لە وشەی کوردیی و بێگانە/ بیانیی بەپێی شیاویی کۆمەڵایەتیی ڕیزکراون، ئاخێوەری زمانەکە بۆ خۆلادان لە تابۆکە، ئەو بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییە ڕەچاودەکات، واتا پەردەپۆشی وشە بێگانەکە/ بیانییەکە، هێزو شیاوێتیی وشە ڕەسەنەکەی کەمکردووەتەوە. سەرەڕای ئەوە سێتە سیمانتیکییەکان بۆ ئاخێوەر پەیوەستن بەو ڕیزبەندییەی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا پێی گەنجکراوە. هەر لەوڕووەوە سێتەکانی نواندنی تابۆ، بۆ دەربڕینی شیاوتریینن، بۆیە مەرج نییە کۆی سێتەکە کوردیی/ ڕەسەن بن، بەڵکو وشەی بێگانە/ بیانیی خۆی دەخزێنێتە ڕیزبەندییەکەوە، بۆیە ئاخێوەر بەشێک لە دەستپێداگەیشتنی لە فەرهەنگە ئاوەزییەکەی خۆیدا، بە وشەی بێگانە/ بیانیی جێبەجێدەبێت. لەوڕووەوە ئەگەر لەناو خودی زمانی کوردییشدا بڕوانرێتە دەروازەکانی <مردن>، ئەوا ئاخێوەر لەڕێی ڕیزبەندییەکی دەروونیی فەرهەنگییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بۆیە

دەستپێداگەیشتنی تاک بۆ گوزارشت لە <مردن> لێکجیاواز دەبێت. ئەوە پێواژۆیەکە بۆ هەڵاوێرو دەستپێداگەیشتنی کۆمەڵایەتییانەی تاکە، تا گوزارشت لە بەهای کۆمەڵایەتیی کەسی مردوو بکات. ئەگەرچیی زمانی کوردیی لە فەرهەنگەکەیدا ئارگومێنتی جیاکاریی پەیوەست بە بەهای <مردن>ەوە دارِشتووە، بەڵام تاک ڕیزبەندیی بەهاکەی دادەڕێژێت. ئەگەرچیی نواندنەکانی چەمکی <مردن> لە نموونەی (٣)دا بۆ گوزارشت لە کۆتاییهاتنی ژیانی مرۆڤن، بەڵام لە ناواخنیاندا بەهای جیاوازی کۆمەڵایەتیی هەڵگیراون. بۆ نموونە <ئەمریخوایکرد> هەمبەر بە <ماڵئاواییکرد>، دوو هەڵاوێرکردنی ئایینیی و دەروونیی دەردەبڕن. بۆ ئاخێوەر هەڵاوێرکردنی <ئەمریخوایکرد> گوتارێکی کۆمەڵایەتیی_ئایینیی گەیاندووە، بەڵام <ماڵئاواییکرد> کۆمەڵایەتیی_دەروونییە. ئەگەرچیی لە دروستەی ناوەوەی فۆرمەکاندا وشەی بێگانە/ عەرەبیی هەن، بەڵام بەڵگەهێنانەوەکە دەستی ئاخێوەری ئێستای زمانی تێدا نییەو کۆی فۆرمەکە بۆ گوزارشتکردنەکە هەڵاوێردەکات. پێشبینییەکان بۆ نواندنی چەمکی <مردن> بەپێی دنیابینیی کۆمەڵایەتیی تاک کراوەن و ڕۆڵی تاکیش لە بەرهەمهێنانی ئارگومێنتی دیکەدا کارایە، بە جۆرێک چاوەڕوانییەکان بۆ وشەی ڕەسەن و بێگانە/ بیانییش.

٣) مرد، گیانیسپارد، کۆچیدواییکرد، گیانیلەدەستدا، ئەمریخوایکرد، ماڵئاواییکرد، وەفاتیکرد/ توفیکردووە، فەوتیکردووە .......

سەرەڕای ئەوەی بە دنیابینیی کۆمەڵ فیچەرە گشتییەکانی <مردن> بوونەتە ئەو فرەدارِشتنانەی نموونەکانی (٣)، بەڵام هەڵاوێرکردنەکان بە دەست تاکە، تەنانەت نزمکردنەوەو بەرزکردنەوەی نرخ و بەهاکان لە تاک چاوەڕێدەکرێت، بەوەش تاک پێوەرەکانی کۆمەڵ بۆ نواندنی ئەو ڕیزبەندییەی لە فەرهەنگی ئاوەزییدایە، تێکدەشکێنێت. نموونەکانی (٤) جیاکاریی بەهاو ئاستی کۆمەڵایەتیین، کە لە فەرهەنگی زمانەکەیدا فۆرمیان بۆ دارێژراوەو ئاستە گشتییەکەی بەپێی ئەزموون لای هەمووانە، تاک بۆ کەیس و بەها کۆمەڵایەتییەکان هەڵاوێریاندەکات.

٤) مردن (بۆ مرۆڤ)، مرداربوونەوە (بۆ باڵندەو ئاژەڵی گۆشتخوراو)، تۆپین (بۆ ئاژەڵی گۆشتنەخوراو/ درندە)، وشکبوون (بۆ درەخت)، ....

نموونەکان نموونەی کۆتوبەنددارن، ئاخێوەر گشتییەکە بە زانیاریی سیمانتیکییەوە بەکاردەهێنێت، ئەوەی تێکشکاندنەکانی بۆ ڕێگاپێدراوە، تاکە، دەربڕینی <فڵان کەس تۆپیی> پێدانی پێگەی ئاژەڵی درندەیە بە مرۆڤ. لە ڕاستییدا تا ئەو ئاستەش ئاژەڵ جێندەرێکی (جۆری کۆمەڵایەتیی) بێهێزی هەیە، چونکە نزمکردنەوەی بەهای کەسەکانە، ئەوەش بەپێی پێوەری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواریی ڕۆیشتووە. لێرەوە جارێکی تر پاڵنەری کۆمەڵایەتیی بۆ تاک وادەکات لە ژێر پەیرەوکردنی ئاوەزمەندیی کۆمەڵایەتیی بێگانە/ بیانییدا چەمکی کۆمەڵایەتیی زمانێکی تر وەربگرێت، نەک وشەکە. وەک لە نموونەکەدا <مردن> ئاماژەپێکرا، بۆ مرۆڤ و گەیاندنی پێگەی مرۆڤە، بەوەش جێندەری مرۆڤ (جۆری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ) لە زیندەوەرو گیاندارانی دیکە بەرزترە. لەگەڵئەوەشدا ئەگەرچیی گۆڕانی ئەو دنیابینییە لە ئەوروپا، لە ڕوانگەی جێندەرەوە ئاستی ئاژەڵ (بە تایبەت سەگ)ی بەرزکردووەتەوە، بە جۆرێک لەوڕووەوە جگەلە گۆڕانی جێناوی (it بۆ she/he)، death هەمبەر بە <مردن> لەلای ئاخێوەری کارتێکراو بەو ڕەوتی بیرکردنەوەیە فراوانبووە، تا ئاژەڵ/ سەگیش بگرێتەوە. ئەوەش دەربڕی

ئەوەیە، کە ئاخێوەر زۆرجار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەزموونی زمانی بێگانە/ بیانییەوە. لەو ڕوانگەیەوە نموونەکانی (٥) ڕێگەپێدراو دەبن.

٥) سەگەکە مرد، مانگاکە مرد، ماسییەکە مرد، ....

نموونەکان ئاماژەن بەوەی، کە ئاخێوەرێک لە ژێر کاریگەریی تێروانین و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی دووەمدا، نیشانەو ناوەڕۆکی بیچمەکان بە فۆرمێکی کوردییەوە هەڵاوێردەکات و ئاوەزمەندیی بێگانە/ بیانیی بە بیچمێکی کوردییەوە دەنوێنێت.

نموونەکان بۆ کردنەوەی دەروازەیەکە لەسەر بەلێکسێمبوونی کۆمەڵایەتیی/ نواندنی لێکسێمەکان بە زانیاریی کۆمەڵایەتییەوە. خۆی لە خۆیدا بەلێکسێمبوون ڕوانگەیەکی دروستەیی و فۆنۆلۆژیی و واتایی هەیە. ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەی بەلێکسێمبوون بۆ تێئاخنینی ئەو واتا کۆمەڵایەتییانەیە، کە وادەکات وشەیەکی ڕەسەن، یان بێگانە/ بیانیی بە واتا کۆمەڵایەتییەکە لە فەرهەنگی ئاوەزیی کوردیی/ تاکدا جێی خۆی بکاتەوە. دەشێت نموونەکانی سەرەوە/ بە ڕەسەن و وەرگیراوەکانەوە گەر لێکسێمێکی ناو فەرهەنگی ئاوەزیی گشتییش نەبن، پەیوەست بە هی تاکەوە لێکسێمێک بن، تاک واتاو ئاوەزمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێدەربڕێت. بەوەش فەرهەنگەکە جێگایەک بۆ هاوواتاو هەمبەرگرتنی وشەی زمانی کوردیی و بێگانە/ بیانیی ناهێڵێتەوە، بەڵکو هەریەکەیان بە هێزی کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە دەمێننەوە. وشەکان لە نموونەی جێگرەوەی کۆمەڵایەتیی/ دەروونیی یەکترن، کە تاک بۆ گوزارشتەکان هەڵاوێریاندەکات.

٦) ا. لاواز ⟵ زەعیف ⟵ ڕەشیق

ب. ئاوس ⟵ حامیلە ⟵ دووگیان

ئارگومێنتەکانی نموونەی (٦_ا)، ئەلتەرناتیڤێکی کۆمەڵایەتیین، کە تاک دەیانکاتە لێکسێمێکی کۆمەڵایەتیی/ دەروونیی. وشەی <لاواز> لێکسێمە کوردییە فەرهەنگییەکەیە، بەڵام سێتە سیمانتیکییەکەی <زەعیف، ڕەشیق>ی لەلایەن تاکەوە وەک لێکسێم بۆ بەرهەمدێت و بۆ ڕەچاوکردنی بارە کۆمەڵایەتیی/ دەروونییەکان بەکاریدەهێنێت، ئەویش بەوجۆرە لێکدەدرێتەوە، کە بەکاربردنی لێکسێمی <لاواز>، پەرچەواتایەکی نەرێنیی لای بەرامبەر دروستدەکات، کە هەڵگری نیشانەکانی [+ بێهێزیی، + بێڕەنگیی...هتد]یە، بۆیە هەمبەربەوە لێکسێمی <زەعیف> لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە پلەی واتایی <لاواز>ی بە هەموارکردنەوەی نیشانە واتاییەکانی گۆڕیوە، بە جۆرێک لێکسێمە وەرگیراوەکەی <زەعیف>، نیشانە واتاییەکەی [-قەڵەویی]ی تێدا زاڵەو زیادتر لە نیشانەکانی تری چەمکەکە زەقکراوەتەوەو دەرکەوتووە. پەیوەست بە نموونەکانی (٦_ب)یشەوە، کە شڵێوەیەکی دارشتەی کوردیی و بێگانەن، تێیاندا زەمەن هەنگاوی جیاکاریی بەهاکانی پێنواندووە، بە جۆرێک لە هەنگاوی دووەمدا بە وشەی بێگانە پەردەپۆشی ئەو نزمیی بەهایە کراوە، ئەویش بەوپێیەی. <ئاوس> بە نیشانەکانی [+/-مرۆڤ]ەوە چەمکە کوردییەکەی نواندووە، بەڵام <حامیلە> جێگرەوەیەکی بەهاداری بیچمە کوردییەکەیە، بە نیشانەی

[+مرۆڤ]ەوە، هەر ئەوەش بۆ زەمەنێک جێیێی لە زمانی کوردییدا پێداوە، تا ئەوکاتەی بیچمێکی نوێی کوردیی، <دووگیان>ی بۆ جیاکاریی بەهای کۆمەڵایەتیی بەپێی گۆڕانی ئاوەزی کۆمەڵ داڕشتووە.

هەر پەیوەست بە نموونەی (٦_ا)ەوە لە قۆناغێکی دیکەدا، وەرگرتن و بەکاربردنی لێکسێمی <ڕەشیق>، پەیوەست بە جوانییدەربڕینی کۆمەڵایەتیی و ڕاگرتنی هاوسەنگیی دەروونییەوە، بووەتە جێگرەوەی <زەعیف>، ئەوەش وادەکات لێکسێمی <ڕەشیق>، کە سیمانتیکییانە هەڵگری فیچەرەکانی [- قەڵەویی، + ڕێکیی لەشولار]ە، هەمان واتای <زەعیف> بە دەربڕینێکی دیکەوە بە پاراستنی باری دەروونیی گوێگر، بەرجەستەبکات، ئەوەش پەرچەواتایەکی ئەرێنیی لای گوێگر دەبێت. (بڕوانە نموونەکانی (٧)). هەموو ئەمانەش ئەوەمان پێدەڵێن، کە ڕیزبەندیی وەرگرتن و خواستنی وشەی بێگانەو بیانیی، قۆناغ بە قۆناغ بۆ پاراستنی نۆرمی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی، ڕوویانداوە.

٧) لاواز بوویت! ←——— زەعیف بوویت! ←——— ڕەشیق بوویت!

**١-٣/٢ پاڵنەری خوێندەواریی**

ئەگەرچیی ڕۆشنبیریی، پاڵنەرێکی دەرەکییە، بەڵام ڕکێفی ڕیزبەندیی فەرهەنگیی و داڕشتەکەی دەکات. بەوەش هەڵاوێری فەرهەنگیی بەپێی ئەو پاڵنەرانە دەبێت. لە قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردییدا، تەوژمەکانی کاریگەریی ڕۆشنبیریی بەپێی هەژموونی ئەو دەزگایانە بوون، کە کانگای خوێندن و خوێندەواریی بوون. پێواژۆکە لە حوجرەوە دەستپێدەکات. حوجرەو خوێندنی قورئان و ڕاڤەکانی، بەشێکی گرنگی ئاوەزمەندیی شاعیران و فەرهەنگە ئاوەزییەکەیانی داڕشتووە. لەوێوە هەژموونی عەرەبیی، هەڵاوێر و دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگیی شاعیرانی بۆ داتاو کەرەستەی زمانی عەرەبیی زیادکرد. ڕوانگەکە بەوشێوەیە بوو، کە هەڵاوێرکردنی <خۆشەویست> لە پاش <مەحبووبە> بێت. ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە جێی گریمانەیە، ئەو کەش و دەوروبەرە خوێندەوارییەیە، کە ڕیزبەندیی دەستپێداگەیشتنی لای (نالیی) بەو چەشنە لێکردووە. خوێندنی حوجرەو هەژموونی زمانی عەرەبیی، کاریگەریی لەسەر فەرهەنگی ئاوەزیی و گەنجی وشەکان دەبێت. بەرجەستەکردنی وشەکان لە دەقەکاندا بەڵگەن بۆ هەبوون و هەژموونی ئەو وشانە لە فەرهەنگی ئاوەزیی شاعیراندا. هێزی (نالیی) و باڵایی ئەدەبەکەی، بۆ دەقەکانی دواتر بووە مۆدێل، ئەگەرچیی گریمانەکە بۆ زمانی ئەدەبیی بوون و هێزی وشە عەرەبییەکە وەک زمان و کۆدی ئەدەبیی تەشەنەیسەند، بەڵام پێگەی زمانی باڵای هەبوو، بۆیە ئەو مۆدێلەی (نالیی) و شاعیرانیش، هەنگاوێکی زمانی یەکگرتوو بوو. هاوشێوەی زمانە ئەدەبییەکە، زمانی باڵای خوێندەواران بە داتاو لێکسێمە عەرەبییەکەوە بەکاردەهات. ئێستا ئەو دەقە کارگێڕییانەی هی دامودەزگاکانی سەرەتا تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمن، بەو وشە عەرەبییانەوە ئەرشیفکراون، بەوەش بەڵگەکان دەربڕی ئەوە دەبن، کە دیگلۆسیاو جووتزمانییەکە لە ئاوەزی ئاخێوەرەکەوە دێت. ئەمە ئەو چەشنەی دیگلۆسیایە، کە هەژموون و تاکگەرایی بەرهەمیهێناوە. گریمانەکە بەو چەشنە دەکەوێتەوە، کە دیگلۆسیاکە لە تاکەوە بۆ گشت دەچێت. تاکی تاکگەرا کاریگەریی لەسەر گشت/ کۆمەڵ هەیە. تاکگەرایی (نالیی) و هەر تاکێکی خاوەن هێزی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و سیاسیی و ئابووریی و ....، کاریگەرییەکانی لەسەر فەرهەنگی گشتیی خەڵک دەبێت. هەمووان دەکەونە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی تاک و ڕیزبەندییە فەرهەنگییەکەی. ئەوە جگەلەوەی هەژموونێکی ئاوەزییە، کاریگەرییەکەی دەچێتە بازنەی

بەرهەمهێنانی وشەی نوێشەوە. وەک پێشتر ئاماژەیبۆکرا، وشەی مۆرفۆلۆژیی لەو توخمانە بەرهەمدەهێنرێت، کە خۆیان لە فەرهەنگدان. ئاخێوەر بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ، هەڵاوێری فەرهەنگیی دەکات، وشەی گەنجکراوی ناو فەرهەنگە ئاوەزییەکە هەڵاوێردەکات. فۆڕمە بەرهەمهاتووەکە لە گەنجی وشەکانی تاکەوە دێن و هەمووان ڕەچاویدەکەین. واتا دەشێت دیگلۆسیای تاک بۆ گشت بتەنێتەوە. کەواتە جگەلەوەی دیگلۆسیا ڕەهەندێکی تاکەکەسیی هەیەو بەپێی ئەم پاڵنەرە لایەنی خوێندەواریی و زاڵێتیی زمانی دووەم و خوێندن پێی، فەرهەنگی تاک بە وشەی بێگانە/ بیانیی زەنگیندەکات.

وەک پێشتر ئاماژەیبۆکرا، دەشێت تاک لە ڕیزبەندیی داتاو زانیارییەکاندا وشەیەکی وەرگیراو (جا چ بێگانە بێت، چ بیانیی) پێش وشە کوردییەکە بخات و لێکسێمە گەنجکراوەکە بکاتە وەرگیراو، بۆیە گریمانەکە بەوجۆرەیە، کە ڕیزبەندیی تاک ببێتە ڕیزبەندیی گشت. لەوەوە هەڵاوێرکردنەکان بۆ وشە مۆرفۆلۆژییەکان بەو چەشنە دەکەونەوە، کە ببنە بەشێک لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکان (ناسادەکان). تاک بە هەنووکەیی (سینکرۆنیی) وەک وشەی ئامادەکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، واتا داڕشتنی وشە مۆرفۆلۆژییەکان، مێژوویەکیان هەیەو بەرهەمی ئانوساتی خۆیانن. بەوەش ئاخێوەرانی ئێستای زمانی کوردیی، دەستیان لە بەرهەمهێنان/ دروستکردنەکەدا نییەو کەوتوونەتە ژێر هەژموونی نەوەکانی پێشووترەوە. بۆ نموونە وشەی <کوردستان> بە یاسای فەرهەنگیی /_ستان/ + [کورد] دروستکراوە، هەرچەندە تاک ئێستا مامەڵە لەگەڵ <کوردستان> دا دەکات، بەڵام دەتوانێت ئازادانە هەڵاوێری توخم و ئارگومێنتی دیکە بۆ دروستەکە بکات. بڕوانە نموونەی (٨).

٨) ا. کوردستان (وشەی مۆرفۆلۆژیی گشتیی)

ب. کەرستان، حیزبستان، ..... (وشەی مۆرفۆلۆژیی تایبەتیی)

نموونەکانی (ب) دروستەیەکی پێشبینییلێکراوەو دەشێت تاک بەپێی زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکانی بەرهەمیانبهێنێت. نموونەکان یاسابەندن، بەڵام هەڵاوێرکردنی توخمەکانی (Y) تاکلایەنانەیەو ئاخێوەر بۆ واتایەکی پڕاگماتیکیی بەرهەمیهێناون.

لەو ڕوانگەیەوە دیگلۆسیای تاک لە بەرهەمهێنان/ دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژییدا ڕۆڵی گرنگی هەیە. وەک ئاماژەشییبۆکرا، تاکگەرایی بەرهەمهێنەرەکە هێزو هەژموون بە وشەکە دادەت. گەڕانەوە بۆ جێبەجێبوونی ئەو تەرزە لە پێشتردا، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە لە داڕشتنی مۆرفۆلۆژییانەی ئێمەدا بەپێی هەڵاوێرکردنی فەرهەنگە ئاوەزییەکە، وشە بێگانەکە/ بیانییەکە خۆی خزاندووەتە ناو وشە مۆرفۆلۆژییەکەوە.

پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کرا، خوێندن بە زمانی بێگانەو زاڵێتیی هەژموونی وشەکانی، کاریگەریی لەسەر داڕشتەی فەرهەنگیی دەبێت، تەنانەت ئەگەری ئەوەی هەیە جێ بە وشەیەکی ڕەسەن لەقبکات. گریمانەکە بەو چەشنە بوو، کە بەپێی داتا هەنووکەییەکان لەناو پێڕەوی فەرهەنگیی ئێمەدا، وشەکان نرخ و ئاستی (Y)یان هەن، بەڵگەش بۆ ئەوە، وشە مۆرفۆلۆژییەکانن، کە لە فەرهەنگەوە بۆ ناو وشە مۆرفۆلۆژییەکان هەڵاوێردەکرێن، بەڵام پێشبینییدەکرێت بەپێی خوێندەواریی و هەژموونی وشەکە لە فەرهەنگەوە چونیەک نەبن. داتا مۆرفۆلۆژییەکان دەبنە بەڵگەی ئەو هەژموونە لە مێژووەوە بۆ ئێستا.

هەژموونی وشەکان لە مۆرفۆلۆژیی کوردییدا دەرکەوتنێکی دەسەڵاتدارانەیان هەیە، ئەویش بەوپێیەی هەندێک ئەزموونی وشەسازیی کوردیی ئەوە بەدەستەوەدەدەن، کە وەرگرتنەکان بە (X)ەکانەوە پەیوەستن. لە ڕاستییدا وەرگرتنی کردار وەک


توخمێکی بەهەژموون و دەسەڵاتدار وەک بەشێک لەو ئەزموونە دەردەکەوێت، ئەویش بۆ سەردەمانێکە، کە خوێندەوارانی کورد فەرهەنگە ئاوەزییەکەیان لەنێوان هەژموونی زمانی کوردیی و فارسییدا بووە، هەژموونەکە شانبەشانی خوێندنی زمانی عەرەبیی بووە لە حوجرەکاندا، کە نموونەکە ئەوە دەردەبڕێت، وەرگرتنێکی باڵادەستانە بووە، چونکە هەژموونەکە پێیناوەتە هەڵاوێرکردنی کردارەکان، ئەوەش سەردەمی زاڵێتیی زمان و داتای بێگانە دەردەخات. بڕوانە نموونەکانی (٩)

٩) /پینەدوز، سەرباز، ...هتد/

وەک لە هێڵکاریی (٤)دا خرایەڕوو، لە بەرهەمهێنانی دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا (X)ەکان باڵادەستن، لە (٩)دا باڵادەستەکان لە چەشنی کردارن و ڕەچەڵەکێکی فارسییان هەن و بیچمێکی دەرکەوتنی ڕەگی (دختن و باختن)ن، پەیوەست بە هێڵکاریی (٧)ەوە، بڕوانە هێڵکاریی (٨). نموونەکانی لەو چەشنەو بە هەژموونی کرداریی‌یەوە کەم و تاکوتەران، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە، کە بەهۆی هەژموونی کەمخایەنی زمانی فارسییەوە، خزاونەتەناو زمانی کوردیی و دروستە مۆرفۆلۆژییەکانییەوە، ئاخێوەر لە ئێستای زمانی کوردییدا وەک فۆرمێکی چەسپاوی مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئەویش بە واتای ئەوەی، ئەوجۆرە (X)انە بەرهەمی مۆرفۆلۆژیی دیکەیان نییە. ئەوەش سەرباری ئەوەی، کوردو دەزگای کوردیی لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەو بەکوردیی_کردنی توخمەکانی ئەو دروستانەدا بێت. نموونەکانی (١٠) ئەڵتەرناتیڤی مۆرفۆلۆژییانەی نموونەیەکی لەو چەشنانەن، کە هەنگاوی بەربەرەکانی و وەدەرنانی وشەی بێگانەیە لە زمانەکەدا. بڕوانە نموونەی (١٠).

١٠) /پینەدۆز/ ← /پینەدروو/

هێڵکاریی (٨)





جێگرەوە سەردەمییانەکەی وشەی <پینەدۆز ← پینەدروو>، لەبەردەم مۆرفیمە چالاک و پڕبەرهەمەکەی زمانی تورکییدا /_چی/، بۆ بەرهەمهێنانی چەمکی پیشە، بەردەوامیی و چالاکیی کەمبوو. ئەو مۆرفیمە لە چەشنی ($X^{-1}$)ە، واتا لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا هەژموونداره‌و پرۆژەکە سازدەدات. پێشبینیی ئەوە دەکرێت، گۆڕانی <پینەدۆز ← پینەچیی> بە گۆڕینی ئانالۆژیانەی چەمکی پیشە بێت. دروستەکە بۆ نواندنی چەمکی پیشە بۆ بەشێکی فراوانی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان چالاکبووە، بەوەش وەک توخمێکی هەژمووندار‌ی بێگانە بەسەر وشە کوردییەکانی زمانی کوردییدا زاڵبووە. بڕوانە (١١)و هێڵکاریی (٩).



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

١١) /-چیی/ ⟵ پینەچیی، چایچیی، چەرچیی، تەنەکەچیی، کەبابچیی، حەمامچیی، جامچیی، سالآنساچیی، ....هتد.

هێڵکاری (٩)





ئەگەرچیی /_چیی/ مەودای پەلهاویشتنی لە مێژووەوە بۆ ئێستا فراوانترە، بەڵام بەڵگەی هەژموونداریی توخمی بێگانە لە دروستەی مۆرفۆلۆژیی دیکەدا، تاکوتەراو ناچالاکن، پەیوەستی سەردەمێکی دیاریکراون و لە ژێر پاڵنەری خوێندەواریی و دەسەڵاتی فەرهەنگی ئاوەزیی کەمینەی خوێندەواردان. ئەوەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی، زمانی کوردیی لەبەردەم شەپۆلی وشەی بێگانەو بیانییدا بە باڵایی ماوەتەوە. لەوڕووەوە، دروستە مۆرفۆلۆژییەکان بەڵگەی ئەو باڵاییەن لە فەرهەنگی ئاوەزیی کوردییدا.

سەرەڕای ئەوەی، هەنووکە لە سایەی فرەخوێندنیی بە زمانی بێگانەو بیانیی و تەوژمی کاریگەریی تەکنەلۆژیاو تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، کەچیی فەرهەنگی ئاوەزیی تاک و دارِشتەی فەرهەنگی کورد مامەڵەی باڵایی لەگەڵ ئەو هەموو وشە بێگانەو بیانییانەدا ناکات، چونکە بەڵگەکان ئەوە بەدەستەوەدەدەن، کە وشەی بێگانەو بیانیی بە ئاستی نواندنی (Y)یەوە هاتونەتە زمانی کوردییەوەو لەلایەن (X)ە کوردییەکانەوە حوکمدەکرێن. لەو ڕوانگەیەوە وشە دەسەڵاتدارو هەژموندارەکانی زمانی کوردیی، کە کردارو ئاوەڵناوو پێشناوەکان و هەندێک لە ناوەکانیش دەگرنەوە، نەک ڕەسەن و پارێزراون، بەڵکو ڕکێفی وشە وەرگیراوەکەشیان لەژێردەستدایە.

لەوڕووەوە گەر بڕوانرێتە وشەکانی <شەرەف، حەیا، عەقڵ>، ئەگەرچیی لە ئاوەزی کوردییدا بوونەتە ئارگومێنتێکی ناچاریی و خورتیی، بەڵام لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا (Y)ن و لە ژێر دەسەڵاتی پێشناوە کوردییەکاندان، بەوەش دروستەکە دەبێتە بەرهەمێکی کوردیی. بڕوانە نموونەی (١٢)و هێڵکاریی (١٠).

١٢) شەرەف ⟵ بێشەرەف، حەیا ⟵ بێحەیا، عەقڵ ⟵ بێعەقڵ


هێڵکاریی (١٠)




کردار بەرپرسی پێڕەوی واتایی و سینتاکسیی فەرهەنگی ئاوەزییە. توخمێکی باڵای هەژموونداراوە لە داڕشتەی واتایی فرێزی کرداریی و ڕستەشدا ڕۆڵی فراوانی هەیە. لەوەوە کردارەکان وەک نوێنەری پارێزەری شوناسی کوردیی، ڕەسەنایەتییان دەپارێزن. بەوەش کردارەکان هەمیشە بە (X)ی دەمێننەوەو حوکمی ئەو توخمانە دەکەن، کە بێگانە/ بیانیین. لێرەدا پاڵنەری خوێندن و خوێندەواریی پەیوەست بەو توخمانەی لەم دروستەیەدا (Y)ن و حوکمدەکرێن، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە خوێندن بە زمانی ئینگلیزیی و نەوەیەکی بەکاربەری تەکنەلۆژیاو ئینتەرنێت، (Y)یەکانی ناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی زیادتر کردووە، بڕوانە نموونەکانی (١٣)و هێڵکارییەکەی لە (١١)دا. پێشینەی ئەوجۆرە وەرگرتنانە لە دەم و مێژووی جیاوازەوە ڕەوتی وەرگرتووەو ئەوکات لە ژێر کاریگەریی ئەو دەستە/ نوخبە خوێندەوارەدا بووە، کە لە خوێندن بە عەرەبی و حوجرەکانەوە پێگەیشتوون. لەوڕووەوە وشە مۆرفۆلۆژییەکانی <حەجکردن، ئیشکردن، قەرزکردن، قوفڵکردن،.....>، کە بەلێکسیمبوویەکی گشتیین/ هی هەمووانن، دەکرێت تاک خۆی تاکلایەنانە لەو دروستانەدا (Y)ی دیکە لە فەرهەنگە ئاوەزییەکەوە بەرجەستەبکات، بۆ نموونە <زەواجکردن> بەکاربردنێکی سەرپشکانەیەو لە بەرامبەریدا <شووکردن، ژنهێنان> نواندنێکی وردی کوردیین و لە شێوازی تاک بەدەرن.

١٣) چاتکردن، کۆمێنتکردن، لایککردن، تەلەفۆنکردن، تەلەفیزیۆنچاککردن، تاگکردن، هاککردن....هتد.

هێڵکاریی (١١)






SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## ئەنجام

1. هەرچەندە دیگلۆسیا جێکەوتەو زەمینەی ڕاستەقینەی خۆی هەیەو مەودای سنوورەکان حوکمیدەکەن، بەڵام سنوورە ڕۆشنبیریی و خوێندەوارییەکە، زەمینەیەکی دیکەی ئەبستراکتە بۆ بەرهەمهێنانی تاکی دیگلۆسیا.
2. زمان پێوەرو کەشێکی گشتیی بۆ ئاخێوەرەکانی دەڕەخسێنێت، لەگەڵئەوەشدا داڕشتەی فەرهەنگی ئاوەزیی تاک، هەژموونی بەسەر کۆمەڵدا هەیە، بە جۆرێک دەرکردەی وشەیی تاک بۆ کۆمەڵ دەتەنێتەوە، بەوەش دەشێت داڕشتە فەرهەنگییەکەی تاک بە وشە بیانیی و بێگانەکانیشەوە، ببنە لێکسیمێکی ناو فەرهەنگە گشتییەکە.
3. ئەگەرچیی لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا وشە بێگانەو بیانییەکان بە مەرجی فۆنۆلۆژیی و واتاییەوە بوونەتە لێکسێم، بەڵام ئەو وشانە لە پێرەوی فەرهەنگی کوردییدا لەلایەن وشە هەژمووندارە کوردییەکان (X)ەوە حوکمدەکرێن، چونکە وشە وەرگیراوەکان ئاستی نواندنی (Y)یان هەیە. بەوەش شوناسی کوردیی، ڕۆڵی باڵای لە فەرهەنگەکەیدا ماوەو زمانی کوردیی لە ئاوەزی کوردییدا بە باڵایی هێشتووەتەوە.
4. زۆربەی توخمە وەرگیراوەکان لە چەشنی حوکمکراون، بەڵام لە مێژووەوە بە قۆناغی هەژموونیی و بێهەژموونییدا تێپەڕیون، هەرچەندە (X)ە بێگانە/ بیانییەکان تاکوتەران، بەڵام لە ژێر پاڵنەری خوێندەواریی نوخبەی حوجرەکاندا دەسەڵات و ڕەواییان وەرگرتووە بە جۆرێک، کە دواتر فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان دەسەڵاتیان بۆ زمانی کوردیی گێڕاوەتەوە.

## لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Signboard | تابلۆ |
| Monolingual | تاک_زمان |
| Low variety | جۆراوجۆریی ئاسایی/ نزم |
| High variety | جۆراجۆریی باڵا |
| Bilingualism | جووت_زمانیی |
| Diglossia | دوودیویی زمانیی |
| Language Landscape | دیمەنی زمانیی |
| High form | شێوەی باڵا |
| Low form | شێوەی نزم |
| native speaker | قسەپێکەرانی زمانی زگماک |
| Multilingual | فرەزمان |
| Speech community | کۆمەڵە ئاخاوتنییەکان |

**سەرچاوەکان:**

**ا. بە زمانی کوردیی:**

١. احمد، جیهان یوسف (٢٠٢٢)، دیمەنی زمانی لە شاری هەولێردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

٢. حەسەن، ئاشتی ئەحمەد (٢٠٢٢)، ئارێشەکانی پەروەردەی جووتزمانی لە پرۆسەی فێرکردندا (بازنەی یەکەمی خوێندن بە نموونە)، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان.

٣. سعید، سازان ظاهر (٢٠٢٥)، ئاگایی و پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی (١١)، ژمارە (٢).

٤. سعید، محەمەد مجید (٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسێمبوون، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

٥. عبدالرحمن، باخان سرحد (٢٠٢٤)، پەیپێبردنی ئاخاوتنی و دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی لە زمانی کوردییدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦. عزیز، برهان احمد (٢٠٢٢)، واتاو نواندنی واتایی لە شێوەزاری گەرمیاندا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

٧. عەبدولڕەحمان، مستەفا حەمە (٢٠٢٢) دروستەو دەرکردە واتاییەکانی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردییدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨. عەبدوڵڵا، هیوا مەولود (٢٠١٦)، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٩. عەلی، بێستون ئەبوبەکر (٢٠١٥)، دەرکەوتەی دووديويی زمانیی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٠. عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١. فتاح، محمد معروف (٢٠١١)، زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٢٤)، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر.

**ب. بە زمانی ئینگلیزیی:**

12. Aronoff, M. & Miller, J. (2003), The Handbook of Linguistics, Blackwell Publishing Ltd.

13. Baker, A. & Hengeveld, K. (2012), Linguistics, first published, WILEY BLACKWELL.
14. Belkacem, B. (2021), A Sociolinguistic study of Diglossia in Adrar: the case of sociology students in the university of Adrar, Master Degree in Linguistics and Didactics, Faculty of Letters and Languages, University of AHMED DRAIA, Adrar.
15. Crystal, D. (2003), A dictionary of Linguistics and phonetics, 5th edition, Black well: Oxford.
16. Ferguson, Ch. (1996), Socio-Linguitic Prespectives (Papers of Language in Society, 1959-1994), New York-Oxford, Oxford University Press.
17. Hudson, A. (2002), Outline of a theory of diglossia, article, International Journal of the Sociology of Language.
18. MATTHEWS, P. H. (2007), Oxford CONCISE DICTIONARY OF Linguistics, Second Edition, OXFORD UNIVERSITY PRESS.
19. Simanjuntak, F. & Haidir, H. (2019), DIGLOSSIA: PHENOMENON AND LANGUAGE THEORY, European Journal of Literature, Language and Linguistics Studies.

**Abstract**

This research entitled (Digllosia and Word Dominance in the Kurdish Language), aims to describe the diglossia as a phenomenon of linguistic variety within the framework of sociolinguistics, while discussing the occurrence of the phenomenon and its interpretation in relation to the Kurdish lexicon and grammar. Because there are conditions and an environment suitable for the phenomenon at the individual and collective levels and reflected in Speech community; therefore, the study focuses on the impact of linguistic aspects on diglossia and looks for the consequences that diglossia can have on the speaker's lexicon and grammar. The extent of the impact varies from one person to another according to the social situation, psychological structure, linguistic awareness, and the speaker's control over one or more skills (reading, writing, speaking, and listening) that varies from person to person. To provide evidence, the samples were taken from the Sulaymaniyah dialect, and the speakers of the region were used as criteria. The descriptive analytical approach was followed in the study.

**Key Words:** Diglossia, Word Dominance, Speech community, Monolingual, Bilingualism, linguistic awareness.

**المُلخَّص**

يهدف هذا البحث الْمُعَنْوَن بـ(الإزدِواجيّة اللُّغويَّة وهَيْمَنة الْكَلِمَات في اللُّغة الكُرديَّة) إلى العمل على وصف ظاهرة ازدواجيّة اللُّغة كظاهرة من ظواهر التّنوع اللُّغويّ في إطار اللِّسانيَّات الاجتماعيَّة، مع مناقشة حدوث الظاهرة وتفسيره في علاقتها بالمُعجم والقواعد الكُرديَّة. ولأن هناك ظروف وبيئة ملائمة للظاهرة على المستوى الفرديّ والجماعيّ وتنعكس في المجموعات الحواريّة؛ لذا تركز الدِّراسة على تأثير الجوانب اللُّغويَّة على ازدواجيّة اللُّغة وتبحث عن العواقب التي يمكن أن تحدثها ازدواجيّة اللُّغة على معجم المُتحدِث قواعده. ويختلف مدى التّأثير من شخص لآخر وفقًا للوضع الاجتماعيّ والبُنية النّفسيَّة والوعي اللُّغويّ وسيطرة المُتحدِث على مهارة واحدة أو أكثر من (القِراءة، والكِتابة، والمُحادثة، والاستماع). ولتوثيق ذلك، تمَّ أخذ العيّنات من لهجة السُليمانية، مع استخدام مُتحدِثي المنطقة كمعيار. كما تمَّ اتباع المنهج الوصفيّ التّحليليّ في الدِّراسة.

**كلمات المفتاحية:** الإزدِواجيّة اللُّغويَّة، هَيْمَنة الْكَلِمَات، المجموعات الحواريّة، أحادي اللغة، ثنائية اللغة، الوعي اللُّغويّ.